Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.19 20:48:53 +01'00'

# یادێک لە  شەهیدی نەمر عەبدولخالیق مارف

## ئەحمەد دەشتی

**لە سالی 1983دا لە ئەشکەوتەڕەشەلەناوچەی ماوەت لە پارێزگای سلێمانی کە دەکەوێتەسەرچۆمی قەشان نەزیک مەرزی ئێران و ئاوایەکانی سەفرەو زەرون  لە**



**کێوی گردەرەشە لە شۆرشی ئەیلولی مەزن دا لە گەل شەهیدی نەمر عەبدولخالیق مارفی براو مامۆستای زانام بەیەکەوە پێشمەرگە بووین ، لە بەشی ڕاگەیاندنی شۆرش لە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دا  لەو ڕۆژگارانەدا کارمان دەکرد و کۆمەلێ لە پێشمەرگەو مامۆستا و سیاسەتمەدارانی  رۆشەنبیر وەک پیشمەرگەیەک لە چاپخانەی خەبات و ئێزگەی دەنگی کوردستان دا لە ڕێزی شۆرشی ئەیلولی مەزن دا بووین و دڵسۆزانە بۆ ڕاپەراندنی کارو بارەکانی ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەو سەردەمانە شەوو ڕۆژ کارمان دەکرد و لە تێکۆشان دا بووین ، زۆرمان شایی بە خۆمانەوە دەهات کەوا پێشمەرگەین و شەرەفی بەشدار بوونمان لە شۆرشی ئەیلوولی مەزن دا پێ براوەو لە گەل هەڤاڵانمان دا پێشمەرگەی کوردستانین و لەو رێگەوەگیانمان دەکەین بە قوربانی کوردستان  ، تازەبوو کە ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق دامەزرێندرا بوو**

، واته له 1963.9.28دا ئەو دەنگە زوڵاڵە لە کوردستانی ئازاد و ڕزگار کراو دا دەنگی دەدایەوە و دەستی بەکارو بڵاو کردنەوەی یەکەم بەرنامەکانی خۆی لەسەر خاکی کوردستانی دوور لە ژێر چنگی زۆر و ستەم و چەوساوەیی و دڕندەیی داگیرکەرە مرۆ کوژەکانی چەپەڵ دا لە و ئەشکەوتەڕشە دامەزرا بوو ، بەرنامەکانی خۆی بە کوردی بە هەردو شێوەکەی سۆرانی و بادینی و بە زمانی عارەبی دەستی بڵاو دەکردەوە و دەستی بەکار کردن کرد ، بۆ یەکەمجار کە دەنگی کوردستان لە دایک بوو بۆ ماوەی سعاتێک و پاشانیش کرا بە سعات و نوێک سعاتێک بۆکوردی و نیو سعاتیش بۆ عارەبی بەرنەمەکانی خۆی بڵاو کردەوە ، هەموو خەلکی کوردستان بە تایبەتی لەشکری شۆرسگێری کوردستان دڵیان بەو ئێزگەیە گەلێ شاد بوو بوو داخەکەم هەرچەند جهای ئێزگەکەمان زۆر بێ هێز بوو دەنگی کەم دەڕۆیی ، بەڵام هەر جێگەی خۆشەویستی دڵخۆشی بوو بۆ هەموو کوردێک کە دەیان بیست ئێزگەی شۆڕس کراوەتەوە ، هەر لەو رۆژگارانەوە دەنگی کوردستان بەمۆزیکی چەمی ڕێزان و سرودی پێشمەرگەین بە هەڵمەتین دەکرایەوە کە لە دوای مۆزیکی چەمی رێزان سرودی پێشمەرگەین بە هەڵمەتین لێ دەدرا و ئەوسا بەرنامەکانی خۆی بڵاو دەکردەوە،بەرنامەکانی ئێزگەی دەنگی کورستان هەرچەند کەم بۆ سعاتێک بوو بەڵام زۆر بە رێک و پێکی بوون و زۆر سەرکەوتوانەلە قەد پاڵی گردە ڕەشەوە لەناو ئەو ئەشکەوتەوە بەشێوەیەکی پوخت کاری خۆی دەکرد و بەرێوە دەجوو ، بەرنامەکانی بەشی کوردی دەنگ و باس و وتاری سیاسی و کاروانی شەهیدان و هەمانەی در و وێژەو شیعر و هونەر و کەلتوری کوردی بوون . ئەو سەردەمانە هەموو پێشمەرگەیەکی کوردستان هەتا بڵێی دڵشاد و پڕ لە هیواو ورەی بەرز و پڕ لەگەش بینی بوون بۆ کوردستان ، هەموو پێشمەرگەیەک کوردستانی لە بیبلەی چاوی خۆی خۆشتر دەویست و گیانی شیرینی خۆی و ژیانی خۆی دەکردە قوربانی بۆ کوردو کوردستان ، زۆرمان شایی بە خۆمانەوە بوو کە لە ڕێگەی کوردستانی ئازیزمان دا خەبات دەکەین و پێشمەرگەی ڕاستەقینەی کوردایەتین و وا لە ڕێگەی کوردستان دا بە یەک دڵ و بە یەک گیان و باوەڕەوە قوربانی ئاوات و ئامانجەپیرۆزەکانمان و وەدی هێنانی ئارەزووەکانی شەهیدانی کورد و کوردستانین ، هەستی دوو بەرەکێ و ڕق لە یەکتر بوون و خیانەت لە کوردو کوردستان کردن لە ڕیزی شۆرش دا هەرگیز وەدی نە دەکراو جێگەی نەبوو و کورستان یەکپارچە بوو هەموو لە هەموو لە ژێر سایەی یەک ڕابەرایەتی کە ڕابەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەر کردایەتی بارزانی نەمر بوو خەباتمان دەکرد ، کەبۆ سەرکەوتنی شۆڕشی ئەیلولی مەزن دا کەسی درێغی نەدەکرد و لە گەل نەبوونی و ئەو هەموو کەم و کوڕیەکانی ژیانیش دا باکمان نەبوو ، نانە کولێرەکەی ئەو دەمانە کەلەگەل چایە داغەکەی ناو گلاسە فافۆنە داغترەکان مان دەخوواردو دەخوارەوە بە•لمنەوە دەنوسا، بەو خواردنەمان دەگوت (ڕفوفلعالیە) و نازانم ئەو ناوە لە چی وەرگیرابوو ، خواردنی هەر سێ جەمەشمان بوو ، خواردنی باش

هەر بە خەیاڵمان دا نەدەهات جارو بارە ئەگەر شکی لێنانی نیسکێنەکە مارفاغای چێشتلێنەری مەکتەبی سیاسیمان کردبا کە ئەوان لە عیساوەبوون ئەوسا شۆر دەبوینەوە و دەچووین لەوێ قاولتیەکمان دەکرد ، بەڵام لە گەڕانەوەمان لەسەرکەوتنی هەورازە سەختەکەی گردەڕەشە بەرەو ئەشکەوتەرەشە ئەوا لە کونە لوتمان دەهاتەوە، هەر یەک لە ئێمە مانگێ چەند قرۆشێکمان لە مەکتەبی سیاسیوهە یارمەتی پێ دەدرا و ، کە سەرەمانگ دا دەهات ئەوابە نۆرە دەچووین بۆ شاری ماوەت بە ڕۆژێک هەموومان خەرج دەکرد و ئەوسا دەگەڕاینەوە ئەشکەوتەکەمان ، یادی هەڤالان بەخێر، ئەوەی کەماوە هەزاران سلا و و خۆشەویستیم بۆیان و ئەوەی کە نەشماوە سەری ڕێز و نەواشیان بۆ گیانی پاکی نەمریان دادەنوێنم ، ئەو کاتانە بەڕێز کاک حەبیب موحەممەد کەریم لێپرسراوی بەشی راگەیاندن بوو ، کەبەداخەوە هەمیشە بە عارەبی دەپەیڤی چونکە کوردی باش نەدەزانی ، کە پێویستیشمان بە داری سوتاندن دەبوو ئەوا کاک حەبیب دهات و بە عارەبی دەیگوت( هەییوو یا جەماعە) ئێمە دەمان زانی کە واتەهەموتان ئامادەبن و بچین لە قەد پالی گردە ڕەشەوە داری سوتان کۆ بکەینەوە ، ئەوسا هەموومان بەیەکەوە بە شاخ وەردەبووین و دارمان بەشی هەفتەیەک بۆسوتانندن کۆ دەکردەوەو ئەوکاتەبەسەر شانمان دا دەمان هێنایەوە و دەگەڕاینەوە بنکەکەمان.

نەمر شەهید عەبدولخالیق مارف مرۆیەکی پێشمەرگە وخەبات گێرو دڵسۆزو پرۆفیسۆری ئەلەکترۆن و ئەنتێنا و کوردێکی ماندو نەناس و بە تواناو نەترس و مەزن و مرۆیەکی دیارو تا بڵێی هەڵکەوتوو بوو پڕ بە مانای ئەم وشانەوە ، پێم وایە کە کەسایەتیەکی وەک ئەو مامۆستاو دڵسۆز و ئەندازیارەی وەک خۆی زۆر بەکەمی لە کوردستان دا پەیدا دەبێت ، هەست و بیرێ پاکی کوردایەتی و تواناو زانایی لە بارەی ئەلەکترۆن و ئەنتێناوە هەتا بڵێی لە ئاستێکی بەرز دابوو کە مرۆ نکارێ وەک خۆی لێی بدوێت ، ئەو هەمیشە باوەڕی وابوو کە دەبێ کوردستان سەربەخۆبێ ، هەزاران جار دەیگوت: تا ئەو ڕۆژەی کە ئالای کوردستان لەهەموو کوردستان و لە سەر بالاخانەی نەتەوە یەک گرتوەکان لە جیهان دا سەربەرزانە نەشەکێتەوە ئەوا گەلی کورد قەت قەت ئۆخەی لە خۆیا ناکات وکوردستان هەرگیز خۆشبەخت نابێت و نەیارانی کورد واز لە کوردو کوردستان ناهێنن ،دەیگوت ئەمەش‌بە خەبات و تێکۆشانی دڵسۆزانەو زانست و زانیاری وەدی دێت ، هەر چەندە کە گەلی کورد زانا بێت هیشتان هەر کەمەو تەنیا بە زانین بەرەو رزگاری کوردو کوردستان دەڕۆین.دەیگوت نەمردباین و ڕزگاری کوردستانمان بدیبایەو ئەوسا بچوباینەوە شارە دێرینەکەی خۆمان و لەوێ دەستمان بە کاسبی کردن لە پیناوی گوزەرانی ژیانی خۆمان بکردبایەو بە ماڵ و منداڵانمان شاد ببایناوە ، ئەو هەرگیز چاوی لە هیچ پایەکەوە یان سود وەرگرتن بۆ خودی خۆی و دەولەمەند بووونی بە هۆی شۆڕش و کوردایەتی کردنەوە وە نەبوو ، ئەو هەمیشەدەیگوت من هیچم بۆ تاکە کەسی خۆم لەڕێ و بەهۆی کوردایەتی کردنم و بە

ناوی بوونم بە پێشمەرگەی کوردستان یان لێپرسراوەتی بوونم لە ناو شۆرش هەرگیز ناوێت و ناشمەوێ کە لەم ڕێگەوە هەرگیز خۆم دەوڵەمەند بکەم ، چونکە دەولەمەند بوون لەم ڕێگەوە واتەدزی کردن لە خەلکی کورد ، ئەو خاوەن هیچ پارەو پولێک نەبوو ، زۆر جاران کە کەوشەکەی پاشی لێ پارچەپاررچە دەبوو بەڵام داوای یارمەتی نە دەکرد و دەیگوت پارەیەکم بۆ بڕاوەتەوە دەبێ تەنیا بەو پارەیە بژیم کە مافی خۆمە ، بەڵام ئەوەی کە لە هەموو شتێ مەزنترە ئەو نەمرە هەیبوو ئەویش هەستی پاکی کوردایەتی و زانست و زانیاری لە هەموو بوارەکانی کومەڵایەتی و سیاسی و ئەلەکترۆن و ئەنتێناوە بوو ، ئەو هێژایە نەمرە هەستی ئەوەندە بەرز بوو کە ڕۆژێ لە ڕۆژان هیچ بیری لە پارەو پوول و تەماع لە ڕێگەی نامەشروعەوە نە دەکردەوە ، ئەو لە هەموو بوارێکەوە تا بڵێی شارەزاو لێ هاتوو و دڵسۆز و مامۆستا بوو ، شەوو ڕۆژیش بۆ ئەوەی کە بتوانێ دەنگی شۆڕش بە کورد و جیهانیان لە ڕێگەی بە هێز کردنی ئێزگەی دەنگی کوردستان دا بگەیێنێ و نەدەوەستاو خۆی زۆر ماندوو دەکرد ، ئەو هەر لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی دەنگی کوردستان وەک بەر پرسیارێکی کاریگەر لە ئێزگەی دەنگی کوردستان دا تا ئەو ڕۆژەی کە دوژمنانی کوردو کوردستان خەنجەرێکی ژەهراویان لە پشتەوەڕا لە شۆرشی ئەیلولی مەزن داو کوردیان توش بەو کارەساتە مەزنەکەی سالی 1975 کرد و ئەو زاتە بەرپرسیاری ئێزگەی دەنگی کوردستان بوو ڕۆژێ لە رۆژانیش کۆڵی نەداو لە ژێر بۆمباران و ناخۆشترین رۆژانی سۆڕش دا هەر خەباتی کرد ، ئەو مرۆیەکی زاناو هەتا بڵێی لێ هاتوو و دڵسۆز و ماندوو نەناس بوو ، هۆکاری شەهید کردنیشی هەر ئەوە بوو کە دوژمنان دەیان زانی زاتێکی زانایەو لێ هاتوو و هەلکەوتووی کوردە بۆیە کە بڕیاری ترۆر کردنیان دا و ترۆریستیان دەستیان بۆ درێژ کردو لە بەر دەرگای ماڵەکەی خۆی لە سالی 1985 دا لە شاری هەولێری دێرین ترۆریان کرد و شەهیدیان کرد هەزاران هەزار سڵاو لە گیانی پاکی ئەو زاتە شەهیدە نەمرە و هەڤالە دێرینەم مامۆستاو پێشمەرگەی ئەندازیاری ئەلەکترۆن و ئەنتێنا شەهیدی نەمر کاکە عەبدولخالیق مارفی هەردەم لە یادمان ، هەزاران تف و نەفرینیش لە داگیرکەرانی بکوژ و ترۆریست و نەیارانی کوردو کوردستان.

18.1.2004